# من و دوو چاو

بەکر ئەحمەد
ئازاری 1998

**من لە نێوانی دوو چاودا گرفتار بووم و تیا ماوم.**
**یەکێکیان، چاوانی دەوڵەتە و**
**تەنانەت ناو کونجی ماڵیشم دەبینێ.**
**دەزانێ، هەفتەی چەندجار**
**لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا لە پێخەفی عیشقدا دەنووم**
**شەوان سەعات چەند ڕادەکشێم، بەیانیان کەی بەخەبەردێم**
**ڕووبەری ماڵەکەم چەندە، کێ زەنگم بۆ لێدەدات و**
**چ ڕۆژێك نەخۆش دەکەوم.**

**کەچی کاتێك، بێکاری دەبێتە هاوڕێ و ئەندامێکی تازەی ماڵم**
**ئیتر ئەوسا**
**ئەم دەوڵەتە نەنووستووەم، پێڵووی چاوانی دادەخا و**
**وەك ئەهلی ئەشکەوت لێی دەنوێ.**
**ئیتر ئەوسا**
**جووتە چاوی بێکارییە**
**لەناو کونجی ماڵەکەمدا، یەك ساتیش غافڵم ناکا و**
**بە بچوکترین جوڵەمدا تێدەڕوانێ.**
**ئەو دێ**
**ڕووبەری ماڵەکەم**
**کاتی چوون بۆ لای دوکتۆر و**
**خۆشویستنم بۆ دادەنێ.**